# کێ ڕێزلێنانی بۆ کرا لە پرۆسەی ئەنفالی 3 دا.

عەلی مەحمود محەمەد

پرۆسەی ئەنفالی سێ بە ئەنفالی گەرمیان یان ئەنفالی ڕەش ناسراوە, لە رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 7-4-1988 بۆ رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 20-4-1988 بەردەوام بووە, دوو هەفتەی خایاند, یەکێك لە قورسترین و بە زیانترین پرۆسەکانی ئەنفال بووە.

بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم فەرماندەی فەیلەقی یەکی سوپای عێراق و لیوا ڕوکن کامل ساجت عزیز جەنابی فەرماندەی فەیلەقی دوو وە بە سەرپەرشتی راستەوخۆی وەزیری بەرگری عێراق فەریق روکن عەدنان خەیرواللە و عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی بیرۆی باکووری پارتی بەعس و بە بەشداری بارق عەبدوڵا حاجی حەنتە جەلادی گەرمیانیەکان " فەرماندەی هێزەکانی پارێزگاری نەوت لە کەرکوك " ئەنجامدرا.

سوڵتان هاشم لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەیدا لەسەر پرۆسەی ئەنفالی سێ دانی بەوەدا نا کە ئەم قۆناغەی ئەنفال, فەیلەقی 1 و 2 سەرپەرشتیان کردووە, واتا لە لایەن سوپاوە سەرکردایەتی کراوە.

لەم ئۆپەراسیۆنە پان و بەرینە دەیان یەکەی سەربازی و هێزی تایبەتی و دەیان فەوجی جاش و چەندین مەفرەزە خاسە بەشدارییان کردووە.

ئەنفالی سێ ناوچەکانی چەمچەماڵ، سەنگاو، سەگرمە, کفری، کەلار، قادرکەرەم، دوز، پێباز و تیلەکۆ و لەیلان و قەرەحەسەن و قەرەهەنجیر و جەباری و نەوجول و کەرکوکی گرتەوە, بە پانتایی زیاتر لە 6000 کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزەندە دەکرێت, لە 18 قۆڵەوە پەلاماری هەڵەت و پێدەشتە کاکی بە کاکییەکانی ناوچەکە درا.

پرۆسەی ئەنفالی سێ لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٤ی نیسانی ١٩٨٨ گەیشتە لوتکە, تەنها لەو ڕۆژەدا ڕژێمی بەعس ژمارەیەکی زۆر منداڵ و ژن و پیاوی لە هەردوو گوندی کوڵەجۆ و ملە سوورەی گەرمیان کۆکردەوە، کە بەڕێوەبەری ناحیەی ئۆردوگای رزگاری و جاشەکان لە خشتەیانیان بردبوو, پێشتریش لە رێکەوتی 10 و 11 ی مانگ لە قادر کەرەم لە لایەن موستەشارەکان و موختارو مەلای قادر کەرەمەوە بەناوی لێبوردنی گشتییەوە بە هەمان دەرد بردران, گوایە لێبوردن هەیە, لە ئۆردوگا نیشتەجێ دەکرێن. دواتر بە ئیڤای سەربازی و تراکتۆرەکان خۆیان لە ملە سورەوە گواستیانیانەوە بۆ قۆڕەتووی نزیك کەلار" قەڵای قۆرەتوو بارەگای فیرقەی پیادەی 21ی تێدابوو, قەڵایەکی سامناك, بەلای کەمەوە نزیك دە هەزار کەس لە ئەنفالکراوانی تێدا کۆکرابوەوە".

لە ناوچەی داوێ هێرشەکان فڕۆکەی کۆپتەریشی لە گەلدا بووە بۆ گواستنەوەی ئەنفالکراوان بۆ دوز " سەنتەری لاوان و دوا ناوەندی رەشید "و قۆناغی دواتر شاری تکریت" کامپی سوپای میلی لە تکریت ", ئەنفالکراوە پیرەکانی تکریت و تۆپزاوە یەکسەر گواسترانەوە بۆ قەڵای سەربازی نگرە سەلمان , ئەوانەی لە تەمەنی نێوان 50 بۆ 110 ساڵ بوون, لە سەنتەری لاوان

نزیك 2000 كەس كۆكراونەتەوە, لێ نزیك 500 كەسیان خۆیان رزگار كردووە.

سەرەتا گوندنشینەكانیان لە ملە سورەو قولیجانی ئەمین قارەمان و خۆرنەوازان و تاوێركەوەوە ڕەوانەی قەڵا سەربازیەكەی ناحیەی قۆرەتوو و دوز و لەیلان و چەمچەماڵ و قادر كەرەم و كەلار...كران, دواتر بۆ سەربازگەی تۆبزاوەو دوبزو تكریت گواسترانەوە, لەوێشەوە بۆ گۆڕە بە كۆمەڵەكان یان قەڵای نگرە سەلمان د دووبز: میدل ئیست وۆچ ملە سورەو فەقێ مستەفاو مەیدان و ئالیاوەو لەیلانی بە سەنتەری كۆكردنەوەی ئەنفالكراوانی ئەنفالی سێ دیاریكردووە.

بەڵام بە پێی وردبینی ئێمە جگە لەو جێگایانەی میدل ئیست دیاریكردووە لە باوە شاسوار لە سنووری گوندی سەرقەڵای سەنگاو, هەزاران كەس كۆكرانەوە لەناو جێگایەك بە شۆفەڵ ساتری لە دەور دروست كرابوو لە بەر باران بۆ ماوەی تا 5 رۆژ خەڵكەكە ماونەتەوە , لە قادر كەرەمیش چەند رۆژێك راگیراون, ئێرەش ناوەندێكی كۆكردنەوەی سەرەتایی ئەنفالكراوان بووە. لە باوە شاسوارەوە بە ئۆتۆمۆبیلی هەمە جۆر گواستراونەتەوە بۆ قایمقامیەتی چەمچەماڵ , دوای دوو رۆژ بە ئۆتۆمۆبیلی داخراو گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە.

لە لەیلانیش بە پێی هەندێك سەرچاوە سەدان گەنجی نێرینەیان یەكسەر بۆ تیرباران بردووە, ئەوانەی كرابونە نا تەلبەندەكەوە, هەرچەندە شایەدحاڵێك

که دوای کاروانی بردنەکەیان کەوتووە بینیویەتی براونەتە ناو  سەربازگەی سوپای میللی تۆبزاوەی نزیك سەربازگەی  خالید.

لە رۆژی دووشەممە 11-4  بە  کاروانێکی گەورەی ئۆتۆمۆبیل ژن و منداڵ و پیری سنوری سەنگاو گەرمیانی گواستەوە بۆ چەمچەماڵ, هەمان رۆژ برانە تۆبزاوە. حەڤدەی مانگیش کاروانەکەی قۆڕەتوو گەیشتونەتەوە تۆبزاوە.

هەرچەندە ئاماری فەرمیمان نییە بۆ ژمارەی ئەنفالکراوانی ئەم پرۆسەیە, وەلێ ئاماری نافەرمی دەڵێت 45777خێزان ئەنفال و ئاوارە  کران. ژمارەی ئەنفالکراوان لە سنوری چەمچەماڵ 5645کەس, قادر کەرەم 14863, کەلار 4567, سەنگاو 4922, تیلەکۆ 3680, پێباز 442 کەسن. بە پێی ئاماری سی دی ئی ڤەی ئار  کە ئامارێکی نا فەرمی ئەنفالکراوانی کردووە, لە ناوچەکانی " تیلەکۆ, کەلار, سەنگاو, قادر کەرەم, چەمچەماڵ, دەربەندیخان", بە پێی ئامارەکەی ئەوان لە شالاوەکەدا 43,204 کەس بێسەرو شوێنکراون, 48,45٪ی کۆی ژمارەی  دانیشتووان ناوچەکە پێك دەهێنن جگە لە ناوەندی قەزاکان, بەلام  ئەم ئامارە بە ژمارەی ورد  پشت راست نەکراوەتەوە, بە بۆچوونی  من ژمارەی ئەنفالکراوانی پرۆسەی ئەنفالی 3 خۆی لە 15 بۆ 20 هەزار هاوولاتی  دەدات.

لە پرۆسەی ئەنفالی سێ  زیاتر لە 515  گوند و چوار ناوەندی ناحیە" قادر کەرەم, نەوجول,سەنگاو , تیلەکۆ" وێران کران, 430 مزگەوت و 340 قوتابخانە ,17200 ئۆتۆمۆبیل و تراکتۆر و ئامێری جۆراوجۆری هاووڵاتیان وێڕای مەڕو مالات و ماڵەکانیان و هەرچی  لە گیرفانیان بوو  تالانی کرا.

**ئەنفالی سێ وەك ئۆپەراسیۆنەكانی دیكەی ئەنفال بە لێدانی كیمیاوی دەستی پێنەكرد, تەنها یەكجار لە شەڕی گوندی تازە شاری سەر ڕێگای دوز - قادر كەرەم  لە ڕێكەوتی 9ی ئەپرێل واتا سێیەم ڕۆژی پرۆسەكە بەرامبەر بە بەرگری پێشمەرگەكانی حیزبی شیوعی و یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەكار هاتووە"لێرەش جێگای پرسیارە", تیایدا 22 پێشمەرگە پاش شەڕێكی مێژوویی بێ نموونە بوونە قوربانی.**

عەلی  حەسەن مەجید  لە ڕێكەوتی 13-4-1988  ڕێنوێنی  ژمارە 434ی دەركرد, بە پێی ڕێنوێنییەكە ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن, ئەگەر دانیشتووی  ناوچەكانی دەرەوەی  پرۆسەی ئەنفالی 1 و 2 و 3 بن, ئەوا لای ئەو هێزەی خۆیان تەسلیمی كردووە دەمێننەوە, لێ ئەوانەی خەڵكی ناوچەكانی ئەنفالی 1 و 2 و 3 ن, بە پێی ڕێنمایی ژمارە 429 ی ڕۆژی 12ی نیسان مامەڵەیان لە گەڵدا دەكرێت, دەنێردرێن بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن. ئەوانەشی دەنێردران بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن, ناونووس دەكران دەبردران بۆ تۆبزاوا, یان ڕاستەوخۆ بۆ تۆبزاوە, چونكە هەموو ئەم ناوەندانە ئەمن بەڕێوەی دەبردن.

ئەم ڕێنوێنییە  بۆ مانفیستۆی مامەڵە لەگەڵ  ئەنفالكراوان و دەرگای جهەنەمی بۆ گیراوانی ئەنفالی خستە سەر پشت, بڕیاری یەكلا كەرەوەی چارەنووس بوو.

لە 19ی مانگ ناوچەكانی ئەنفالی 3  بەتەواوی كۆنترۆڵ  كرا, لە 20ی مانگ پرۆسەكە كۆتایی پێ هێنرا, ئەم ناوچە بەرفراوانە لە مرۆڤ و  شوێنەواری ئاوەدانی پاككرایەوە, لا دیوارێك بە پێوە نەما, ئەوەشی نەڕوخابوو ڕۆژانی داهاتوو ڕوخێنران.

لەم پرۆسەیە بەهۆی رۆڵیان لە قڕکردنی هاوولاتیانی سڤیلی ناوچەکە, کۆمەڵێك تاوانبار نیشانەی ئازایەتیان وەرگرت, لە خوارەوە ئەوەی دەستمان کەوتووە دایدەنێین بۆتان.

بە بڕیاری کۆماری ژمارە 808 لە رێکەوتی نۆی ئۆگستی 1988 بە واژۆی صەدام حوسێن سەرۆك کۆماری عێراق, بەهۆی بەشداری ئازایانەیان لە پرۆسەی ئەنفالی سیّ لە سنووری فەیلەقی یەك دژ بە سوپای ئێرانی, نیشانەی ئازایەتی بەخشرا بەم 106 کەسەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە:

1- لیوا روکن رەمزی مەحمود عەبدوڵا قائد فق 33

2- عەمید روکن (ق خ) بارق عەبدوڵا الحاج حنته قائد قوات حمایه نفط

3- عەمید الرکن سەعد شەمسەدین خالص قائد ق جح د و -1 وکاله

4- عەقید عەلی شانی عودە مدرسه مدم و مستخدم فی مقر قیاده عملیه الانفال

5- عەقید عەلی عەبد غەزال امر مدم فق-23

6- عەقید الرکن( ق خ ) امر ل 65 ق خ

7- عەقید ئەمجەد فەتحی حەسەن ش أ د فل 1

8- عەقید مەروان محەمەد عەبدوڵا امر لمش أ -46

9- عەقید الرکن باسل عومەر صاڵح چ ر 2 ح ف ح النفگ

10- عەقيد ئەكرەم دحام ئەحمەد امر قاطع 1 اذار

11- عقيد خضر علي مطر امر قاطع الانتصار

12- عەقيد حوسێن محەمەد حەسەن المقر المسيطر المدم ف ق جح د و - 1

13- عەقيد ( ق خ ) صباح نعيم غضيب امر ل ق خ-66

14- مقەدەم ئيحسان عەبدالڕەزاق جدوع امر ك مع النصر

15- مقەدەم صالح خەليل ئيبراهيم امر لمش -443

16- مقدم (ق خ ) عصمت حمودى على امر ف 2 ق خ ل -66

17- مقدم ( ق خ ) هادى حسن شهاب امر ف 1 ق خ ل -66

18- مقەدەم خضر محمود مزبان ض ت س الاقدم

19- مقەدەم هاشم كامل محمود ض ر 2 ا س ق ق ح ن

20- مقدم الركن جاسم محمد صالح ض ر2أس ق ق ح ن

21- مقەدەم نزهان خيرو عثمان ك مدرعات صلاحدين

22- مقەدەم محەمەد حوسێن شراد س الواجبات الخاصه فل 1

23- رائيد وەليد صالح مصتەفا ف 1 ل أ-46

24- رائد ( ق خ ) مجيد حوسين حمد امر ف 3 ل ق خ-65

25- رائد ( ق خ ) فاضل خلف رحيم امر ف2 ل ق خ-65

26- رائيد (ق خ ) اسماعيل مخلف عبد امر ف 1 ل ق خ-65

27- رائد طيار **فريق محمد علوان** **ج ط ج-1 س4**

28- رائد طيار **عادل عبدالله عبيد** **ج ط ج-1 س4**

29- رائد طيار **عقيل ابراهيم ادهم** **ج ط ج-1 س4**

30- **رائد كامل فوزي وسمي ص ر ه ف ق ح ن**

31- **رائد احمد علاوي احمد امر ف 2 لمش أ-46**

32- **رائد** لطيف **مجيد محمد امر ك د ب** بن الهيثم

33- **رائد محمد خلف حرج ف مغ فق-4**

34- **رائد محسن كرجي رجا صالح امر ك د ب -51**

35- **نقيب** (ق خ ) **ابا بكر عبدالله اسماعيل ف1 ل ق خ -66**

36- نقيب الطيار **اياد عهبدالرزاق** عهبدالطيف **ج ط ج-1س-30**

37- **نقيب ( ق خ ) عبدالحميد سليمان عبدالله ف 3 ل ق خ-65**

38- **نقيب حسين حمودي عبد ك مدرعات صلاحدين**

39- ملازم اول طيار **عبدالكريم جدعان علي ج ط ج -1س-41**

40- ملازم اول طيار **احمد ابراهيم احمد ج ط ج -1س-2**

41- ملازم اول طيار **شجاع ياس رومي ج ط ج -1س-2**

42- **ملازم اول عماد سعيد محمد ف 1 مغ فق-4**

43- **ملازم علي عبدالحسين** عطية **ك م م -10**

44- ملازم عادل عزيز جاسم بط خ-982

45- ملازم طيار مخلف سليمان خلف ج ط ج -1 س- 30

46- مستەشار ئیبراهیم عەلی حاج عەلۆ فەوج 20

47- مستەشار مەدحەت تۆفیق مەنصور فەوج 47

48- مستەشار موعتەصەم عەبدالكەریم حەسەن فەوج 64

49- مستەشار رەفعەت محەمەد عەلی فەوج 25

50- مستەشار رەشید حەمەئەمین عەزیز فەوج 78

51- مستەشار هەڵگورد عەبدالكەریم كەسنەزانی فەوج 83

52- مستەشار محەمەد تاهیر زیناوە فەوج 107

53- مستەشار تەحسین شاوەیس سەعید فەوج 172

54- مستەشار تەیب شێخ محەمەد بەرزنجی فەوج 203

55- مستەشار محەمەد سەلیم قادر عوسمان فەوج 17

56- مستەشار مامند حمد مولود فەوج 51

57- مستەشار زیوك تاهیر سەعید فەوج 58

58- مستەشار سوعاد فەیزوڵا فەوج 60

59- مستەشار تاهیر عەلی عەبدالڕەحمان فەوج99

60- مستەشار خەلیل عەبدوڵا ئیبراهیم فەوج 109

61- مستەشار حەمە رەشید عەبدالرەحمان فەوج 200

62- مستەشار رەزا تەها محێدین فەوج 211

63- عەدنان عەبدوڵا نەجم فەوج 212

64- ن ض براد جوي هاشم اسماعيل احمد ج ط ج-1س-4

65- ن ع خالید جبار مەحمود فص ح قائد ق ح ن

66- ج اول مثنى على محمود فص ح قائد ق ح ن

67- جاش شەعبان محەمەد تەها فەوج 20

68- جاش محمد على البداوى فەوج 20

69- جاش عەبدوڵا زكرى فەوج 20

70- جاش هارون تقى فەوج 47

71- جاش عادل حەسەن ئەمین فەوج 47

72- جاش سنكور عەزیز قادر فەوج 64

73- جاش رەحیم محەمەد ئەمین فەوج 64

74- جاش فاتیح عەزیز حەسەن فەوج 25

75- جاش فرعۆ رەشید حەمەئەمین فەوج 78

76- جاش حەمە صاڵح شەریف فەوج 83

77- جاش حاجى رەشید حەمە فەوج 107

78- جاش هادی شاوەیس سەعید فەوج 172

79- جاش محمد گوڵ رەشید محەمەد فەوج 172

80- جاش سیروان ئیبراهیم محەمەد فەوج 203

81- جاش عەبدوڵا عەلی نادر فەوج 203

82- جاش عەبدالکەریم محەمەد سەلیم قادر فەوج 17

83- جاش رەشید مەحمود یاسین فەوج 17

84- جاش عەبدالڕەحیم سەلیم عەبدالقادر فەوج 17

85- جاش عزەت محەمەد صاڵح تۆفیق فەوج 17

86- جاش ئازاد حەسەن ئەحمەد فەوج 51

87- جاش سەعید دیوالی سەعید الدرزکی فەوج 58

88- جاش مەهدی حوسێن سەعید فەوج 58

89- جاش عبدالامیر غەفور وەلی فەوج 60

90- جاش ئەنوەر محەمەد سەعید فەوج 60

91- جاش حەمید رەشید فەوج 60

92- جاش سیود ئەحمەد خورشید فەوج 60

93- جاش السید فازڵ جابر حەسەن فەوج 99

94- جاش رەشید عەبدوڵا ئیبراهیم فەوج 109

95- جاش عەلی رەحیم حەمە خان فەوج 200

96- جاش دارا حەمە رەشید عەبدالڕەحمان فەوج 200

97- جاش سالار ئەحمەد خان فەوج 211

98- جاش کازم فائیق ئەمین فەوج 211

99- جاش صەڵاح محەمەد غەریب فەوج 212

100- جاشی کوژراو عەبدالڕەحمان عیسا عەزیز فەوج 47

101- جاشی کوژراو جەلال کەریم صالەح فەوج 47

102- جاشی کوژراو کەماڵ سلێمان جمعە فەوج 47

103- جاشی کوژراو محەمەد رەشید فەوج 47

104- جاشی کوژراو جبار عباس منصور فەوج 47

105- جاش وەهاب ئەحمەد محەمەد فەوج 211

106- "هاووڵاتی سڤیل" عەبدالکەریم ئەحمەد عەلی فەوج 172

( تاکە کەسی سڤیلە لە پرۆسەی ئەنفالی 3 و یەك و دوو چواریش نیشانەی ئازایەتی لە پرۆسەی ئەنفال وەربگرێت ).

هەروەها بە بڕیاری کۆماری ژمارە 810 لە رێکەوتی 9-8-1988 بە واژۆی صەدام حوسێن, نیشانەی ئازایەتی بەخشرا بە 3 لە فەرماندەکانی سوپای عێراقی بەهۆی سەرکردایەتیکردنیان لە پرۆسەی ئەنفالی 3 کە ئەوانیش بریتین لە ( لیوا روکن رمزی محمود عبدالله قائد فرقه 33, عمید الرکن (ق

خ ) بارق عبدالله حاج حنته قائد قوات حمايه النفط, ليوا ركن (ق خ ) سعد شمس الدين خالص قائد ق جح د و -1 وكاله.

هەروەها ملازم اول امن محمد عباللە ناصر لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی لە ڕێکەوتی 20-10-1988 ڕێزی لێگیرا, بە پێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی لە ڕێکەوتی 28-11-1988 ژمارە 966 کارگێڕی, بەهۆی بەشداری دیاری لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا" پێی دەچێت هەمان ئەو ملازم محەمەدە بێت زۆر ناوی دێتە پێشەوە لە پرۆسەی ئەنفال لە ئەمنی سلێمانی ).

هەروەها بە پێی بڕیاری کۆماری ژمارە 1014 لە ڕێکەوتی 3-10-1988 بە واژۆی صەدام حوسێن , ئەمانەی خوارەوە نیشانەی ئازایەتیان پێ بەخشراوە, بەهۆی بەشداری دیاریان لە پرۆسەی ئەنفالی سێ دا :

1-عەقید الركن سامی محمد عیسی امر لمش 444

2-العمید فتاح کەریم فەتاح جاف مستەشاری فەوجی 35

3-العقید الركن فوئاد ئیبراهیم محەمەد ف 18 الی لمع 70

4- العقید الطیار حمید کاطع السعد مستشار ط ح ف 7

5-المقدم الطیار حامد عطیة خوین

6-المقدم خمیس حسن جاسم ف2 ل 444

7-المقدم محمد کاڤم حسن الدراجی ف م 1 فق 1 خ

8-الرائد باسل ترکی عبدالله ف1 لمش 1 خ

9-الرائد منذر ابراهیم یاسین ف مغ 1 فق 1 خ

10- الملازم الاول محمد عبالزهره على ف 1 لمش 444

11- الملازم الاول عدنان سلمان مصلح ف 1 مخ ف 1 خ

12- الملازم الاول الامن احمد عبدالله ناصر امن محافظة السليمانيه

13- الملازم الاول سعيد حميد خضير ف 18 لمغ 70

14- الملازم الاول احمد مصطفي شريف ك د ب الكرامة

15- الملازم كريم جاسم شريف ف مغ 1 فق 2 خ

16- الملازم شهاب عزيز حمزه ف مغ 1 فق 2 خ

17- مستەشار ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی

18- مستەشار محەمەد عیسا پیروەیس عیسا جاف

19- مستەشار کسرا محەمەد سەعید جاف

20- مستەشار محەمەد سەعید احمد محەمەد هارۆنی

21- جێگیری مستەشار عەتا عیسا پیروەیس عیسا جاف

22- جیگیری مستەشار عەلی ئەحمەد محەمەد هارۆنی

23- جاش صەباح عەبدالڕەحمان فتاح جاف

هەروەها بە پێی بڕیاری کۆماری ژمارە 1002 لە ڕێکەوتی 27-9-1988 بە واژۆی صەدام حوسێن نیشانەی ئازایەتی بەهۆی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی ئەنفالی 3 بەخشرا بەم 28 کەسەی لە خوارەوە ناویان هاتووە:

1-نەقیب عبد عواد حمدان

2-ملازم مزحام بديوى محمد

3-رع سعد فريد حوسێن

4-العريف جبار جياد حمزه

5-العريف عباس موسى حسين

6-ن ع رسن خيبر عبود

7-ج م صلاح عبتالحسين على

8-ج م مسلم حسين على

9-ج م منعم جواد جاسم

10- ج م هاشم جاسم محمد

11- ج م سامى احمد حسن

12- ج م عبدالله رسن داود

13- ج م حسن خليفه درويش

14- ج م هادى عبدالله محمد

15- ج م حسن هادى رجب

16- ج م عبدالحميد عباس جاسم

17- ج م عدنان عبالحسين

18- جاش على خزعل جبار

19- جاش كريم احمد فتاح

20- جاش خليل محمد ياوس

21- جاش شێرزاد حەمە صاڵح حەمەئەمین

22- جاش ئەسعەد عەلی حەمە ئەمین

23- جاش صاڵح فتاح کاکە ئەحمەد

24- جاش محەمەد عەلی محمد تاڵب

25- جاش محمد رەئوف سەعید

26- جاش محەمەد عەزیز محەمەدد

27- جاش صفر اسد ابراهیم الجاف

28- جاش خەلیل حەمید عەبدوڵا

هەروەها لە رێکەوتی 3-10-1988 بە فەرمانی 1013 بە واژۆی صەدام حوسێن نیشانەی ئازایەتی بەخشراوە بە العميد الركن عبدالاله حامد العناز قائید فق مش21 بەهۆی رۆڵی لە پرۆسەی ئەنفالی 3دا.

ئەوەی جیایە لە پرۆسەی رێزلێنان لە ئەنفالی سێ, لە پرۆسەکانی ئەنفالی یەك و دوو ئەوەیە, لەم پرۆسەیە کەسێکی سڤیل و دوو ئەفسەری ئەمن رێزلێنانیان بۆ کراوە, هەرچەندە ئەم لیستانەی من بڵاویان دەکەمەوە, تەنها ئەوانەن من دەستم پێیان گەیشتووە, دەشێت لیستی دیکەش هەبن.